**یاداشتنامەی بەرەی جەماوەری کوردستان دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا**

**بۆ بەڕێز/ سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان – بان کیمۆن**

**بەڕێز/ حکومەتی ئەمریکا و کۆنگرێسی ئەمریکی**

**بەڕێز/ سەرۆك کۆمار و حکومەت‌و پەرلەمانی تورکیا**

**بەڕێز/ سەرۆك کۆمار و حکومەت‌و پەرلەمانی عێراق**

**بەڕێز/ سەرۆك کۆمار و حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان**

**دوای سلاو**

**بەڕێزان، ئێمە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەتوندی ناڕەزایەتی خۆمان بەرامبەر بە بڕیاری پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بە لەشکرکێشی بۆ سەر سنورەکان دەرئەبڕین، کە خواستی خەڵك ئارامی‌و ژیانی ئاسودەیەو نەفرەتە لە برەودان بە کردەوە تیرۆریستیەکان، کە ئەم بڕیارە زەمینەکەی ئەخوڵقێنێت. بەڵام فەزای سیاسی کوردستان هەمیشە پێچەوانەی ئەم خواستەی خەڵکی خوڵقاندوە، بەجۆرێك کە هەمیشە دەستی دەوڵەتانی ناوچەکەی واڵا کردوە کە دەخالەت بکەن‌و ئەیانەوێ بە ئەندازەی باڵای خۆیان سەهمیەتیان هەبێت لە دیاریکردنی ئایندەی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە، کە دەخالەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ساڵانی پاش ڕوخانی بەعس باشترین نمونەن.**

**ئێستاش پاش ڕێکەوتنی نێوان هەردوو وولاتی عێراق و ئێران، بە بیانوی بوونی چەکدارانی pkk و ترس لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەکوردستان، زەمینەی دەستێوەردانی سوپای دەوڵەتی تورکیای خوڵقاوەو بەعەمەلیش دەست بە کردەوە سەربازییەکان کراوە لە ناوچە سنوریەکانی کوردستان. ئەمەش بارێکی نا ئارام‌و ناهەمواری بۆ سەرجەم خەڵك دروستکردوە، کە کاریگەری ئەبێت بۆ ئەمنیەت‌و گرانی‌و مانەوەی فیزیکی دانیشتوانی کوردستان‌و تەنانەت عێراقیش.**

**لەم نێوەدا خەڵکی کوردستان‌و عێراق نایانەوێت ببنە سوتەمەنی ئەو جەنگەو لەشکرکێشی دەوڵەتان. بۆیە مافی خۆمانە کە بەنیگەرانی‌و ترسەوە تەماشای وەزعەکە بکەین‌و خۆمان ئامادە بکەین بۆ پارێزگاری ژیان‌و ئارامی‌و لەدەسکەوتەکانمان. بۆیە بانگەوازی گشت لایەك ئەکەین کە هێزو نفوزی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ بەرگرتن بە تێکدانی باری ئارامی کوردستان‌و چارەسەری کێشەکان.**

**لەئەگەری ئیقدام نەکردنی جدی‌و وەڵامنەدانەوە بەداواکاریەکانمان، خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی بۆ خۆپارستن‌و پارێزگاری لە دانیشتوانەکەی هەر ڕێگەیەك کە بەگونجاو بزانن بگرنە بەر. بەهیوای چارەسەری سیاسیانەی گرفتەکان.**

**بەرەی جەماوەری کوردستان دژ بەلەشکرکێشی سوپای تورکیا**